کۆمیسیۆنی راگەیاندن و گەیاندن داوا لە دەزگا راگەیاندنەکان دەکات پابەندی وادەی "بۆدەنگی راگەیاندن" بن

کۆمیسیۆنی راگەیاندن و گەیاندن داوا لە سەرجەم دەزگا راگەیاندنەکان دەکات پابەندی وادەی "بۆدەنگی راگەیاندن" بن کە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دیاری کردووە.

ئەمڕۆ (دووشەممە 11ـی کانوونی یەکەمی 2023) کۆمیسیۆنی راگەیاندن و گەیاندن لە راگەیەندراوێکدا داوای لە سەرجەم دەزگا راگەیاندنەکان کردووە پابەندی وادەی دیاریکراوی "بۆدەنگی راگەیاندن" بن کە کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق ماوەی 15 بە 18ـی ئەم مانگەی دیاری کردووە.

کۆمیسیۆنی راگەیاندن و گەیاندن رایگەیاندووە، لەپێناو سەرخستنی پڕۆژەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان وەك پێسەیەکی دیموکراسی، داوا لە سەرجەم دامەزراوە و دەزگا میدیاییەکان دەکات هەموو بەرپرسیاریەتییەکی نیشتمانی هەڵبرگن بەتایبەتی بە کردنەوەی بوار لە بەردەم دەنگداران بە یەکلاییکردنەوەی بژاردە و کاندیدەکانیان و دوور لە فشاری هەر جۆرە پێوپاگەندەیەکی هەڵبژاردن.

کۆمیسیۆنی راگەیاندن و گەیاندن روونیکردووەتەوە پابەندبوونەکە کاتژمێر 6ـی بەیانی ڕۆژی هەینی داهاتوو 15ـی کانوونی یەکەم تاوەکو داخستنی دواین بنکەی دەنگدان لە ڕۆژی 18ـی مانگ کە دەکاتە ڕۆژی دووشەممە دەگرێتەوە.